# منداڵ و بەها جوانەکان

نووسینی

شاخەوان عەلی مامۆکی

پێشەکی

هەمزە عەباس فەقێ

---------------------------------

ئەم کتێبە بەهاوکاری کاك(ئاوارە) بەچاپ گەیشتووە

******************************



ناوی کتێب: منداڵ و بەها جوانەکان

بابەت: بابەتی منداڵان

نووسەر: شاخەوان عەلی حەمەد مامۆکی

پێشەکی: هەمزە عەباس فەقێ

سەرپەرشتی زانستی: بەختیار ڕەشید محەمەد

دیزاین: نەهرۆ مامۆکی

تیراژ: ١٠٠٠دانە

چاپ: یەکەم- ٢٠١٢

چاپخانە: چاپخانەی شەهاب - هەولێر

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارە سپاردنی (٨١٢)ی ساڵی (٢٠١٣)ی پێی دراوە

# پێشەکی...

جیهانی منداڵان جیهانێکی ئەوەندە بەرفرە و بێ پەڵەیە، تا لێی ڕامێنی، پاک و سەرنج ڕاکێشە، ئەوانەیش کە کات و فکر و خامە و وزە و توانایان بۆ خزمەتکردن بەو دونیا ڕازاوەیە تەرخان دەکەن، بێ بەش نین لە پڕشنگی ئەو جوانیانە، مامۆستا شاخەوان عەلی حەمەد ناوێکی خۆشەویست و قەڵەمێکی بەبڕشتی ئەو مەیدانەیە، بەچیرۆکە جوانە پڕ لە ڕێنوێنی و ئامۆژگاری و پەروەردەییەکانی توانیویەتی خزمەتێکی باش بە منداڵانی کوردستان بگەیەنێت، نووسین بۆ منداڵ یان بەزمانی منداڵ سەلیقە و حەوسەڵەیەکی باشی دەوێ، بەتایبەتی چیرۆک کە ڕێڕەوێکی لەبارو گونجاوە بۆ ناردنی پەیامە پەروەردەییەکان بۆ ناخ و هەستی ناسکی منداڵ، چیرۆک ئەو بوارەی مامۆستا شاخەوان هەڵیبژاردووە دەتوانرێت لەدوو توێیدا بەشێوازێکی نایاب منداڵان بە چەمکە جوانەکانی ژیان و ئاکار و گوفتار و بەهای بەرز و نەریتی ڕەسەنی کوردەواری ئاشنا بکات، وێناکردن لەچیرۆکەکانی مامۆستا بەتایبەت ئەو کۆمەڵە چیرۆکەی کە ئێستا لەبەردەستی ئێوەیە ئەوەندە کاریگەرە کە هەست و نەستی منداڵ لەگەڵ خۆیدا بۆ ناو واقع کەمەندکێش دەکات، لەکۆتایی هەر کورتە چیرۆکێك منداڵ دەگات بە بەرئەنجامێك و لەناوەڕۆکی ئەم بەرئەنجامەیش پەردەی سەر ڕوخساری مرواریەك لەمرواریەکانی بەها بەرز و باڵاکان هەڵدەگرێ، هاوکات منداڵانی خۆشەویست لەدەمی خوێندنەوەی ئەو کورتە چیرۆکانە زمانیان بەچەندین وشەی ڕەسەن و پاراوی کوردەواری گۆ دەگرێت، بەتایبەتی کۆمەڵێ وشە و دەربڕینی شیرین هەن کە لە دەڤەری (تەق تەق) و گوندەکانی (دەشتی کۆیە) ئاخاوتنیان پێدەکرێت و مامۆستا شاخەوان بەو پێیەی کە خەڵکی ئەو ناوچەیەیە وەك هەنگاوێك بۆ پاراستن و بزر نەبوونیان بەکاریان دەهێنێ، چونکە ئەو ناوچانە دەکەونە نێوان هەر سێ پارێزگای هەولێر و کەرکوك و سلێمانی و کاریگەری شێوەزاری هەرسێ پارێزگاشیان بەسەرەوەیە، بەهیوام منداڵانی ئازیزی کوردستان بەجوانی ئەو چیرۆکانە بخوێننەوە و سوود لەباس و بابەتەکانیان وەربگرن.

**هەمزە عەباس فەقێ**

حوزەیرانی ٢٠١٣–هەولێر

# دووچەرخە و بەڵێنەکەی باوکی دارا



ڕۆژێکیان (دارا) لەماڵەوە دەهات و دەچوو، بێ ئەوەی کەس تووڕەی بکات، هەستی بەناڕەحەتی و بێزارییەکی زۆر کرد، کە باوکی بینی ئەوە خەریکە خۆی دەگۆڕێ، بەهێواشی لێی چووە پێش و پێیوت: بابەگیان ئەوە خەریکی چی؟ خۆ بەتەمای ئەوەنی بچییە بازار؟

باوکی وەڵامی دایەوە، وتی: بەڵێ بەنیازم بچمە دەرەوە و پیاسەیەکی بازاڕ بکەم.. گیانەکە خێرە بۆچی ئەو پرسیارەت کرد؟ چ ئیشت بەمن هەبوو؟

دارا بەدەم زەردەخەنەیەکەوە وتی: بابە گیان ئەوەی ڕاستیبێ من ئەوەندەی لەماڵەوەم نازانم چیبکەمو خۆم بەچییەوە سەرقاڵ بکەم؟ فەرموو ئەوە کارۆی هاوڕێم چەند ڕۆژێکە دوای ئەوەی لەقوتابخانە دەرچوو، باوکی لەگەڵ

خۆی بردیە بازاڕ و بەدڵی خۆی دووچەرخەیەکی باشی بۆ کڕی، جا من هێندەی دەچمە دەرەوە و ئەو کوڕە دەبینم دووچەرخەی پێیە و منیش هیچم نییە لەدەرەوە یاری پێبکەم بەزەییم بەحاڵی خۆما دێتەوە، زوو زوو لەبەرخۆمەوە دەڵێم: تۆ بڵێی ئەگەر بەباوکم بڵێم دووچەرخەیەکم بۆ نەکڕیٚ لەکاتێکا من لە کارۆ زیرەکترم، بەنمرەیەکی باشیش لەقوتابخانە دەرچووم.

باوکی بەم قسانە لێی چووە پێش، توند دارای لەباوەش گرت و دەستی بەسەر سەری داهێنا، ئەوجا بەدەم پێکەنینەوە پێی وت: بەسەرچاو، ئێستا وادەچمە بازاڕ و لە گەڕانەوەمدا دووچەرخەیەکی باشت بۆ دەکڕم وابیٚ گلەیم لیٚ نەکەی و نەڵێی:ئەوە دەرچووم وباوکیشم هیچی بۆ نەکڕیم.

دارا دەتوت هێشتا لەقسەکانی باوکی بەگومانە، بەپەرۆشەوە ڕووی تێکرد و وتی: یانی ئێستا من دڵنیابم تۆ کە دەچیە بازاڕ و لە هاتنەوەت بۆ ماڵەوە دووچەرخەیەکی باش وچاکم بۆ دەکڕی؟

باوکی نەختیٚ سەری لیٚ بادا، بەخۆشحاڵییەوە تەماشای کرد و وتی: بەدڵنیاییەوە هەر ئەمڕۆ دووچەرخەیەکی باشت بۆ دەکڕم، مرۆڤ دەبیٚ هەمیشە خاوەن بەڵێنی خۆیبیٚ و هەر بەڵێنێکی دا دەبیٚ جیٚ بەجێی بکات، من وەکو خۆم نەتوانم شتیٚ ئەنجام بدەم و لەتوانامدا نەبیٚ بیکەم، نابیٚ درۆت ڕەگەڵدا بکەم بۆیە بەئاشکرا پێت دەڵێم: ببوورە ئەو ئیشەم پێناکریٚ.

دارا دوای ئەم قسانە، بەڕاکردن چووە دەرەوە، کە لەدوورەوە کارۆی هاوڕێی بینی، بە شادییەوە ڕووی تێ کردو هاواری کردێ: کارۆ، کارۆ، تۆ دەزانی باوکم بەتەمایە نووکە بچێتە بازاڕ و بەڵێنی پێدام لەگەڕانەوەیدا دووچەرخەیەکم بۆ بکڕێ ئەوسا بەیەکەوە یاری دەکەین.

باوکی دارا لەبازاڕی پایسکیل فرۆشان دووچەرخەیەکی چاك و قایمی کڕی و و بەرە بەری نیوەڕۆ گەڕایەوە ماڵ، هەر لەدوورەوە بانگی کرد: هۆۆۆۆۆۆ کوڕە جوانەکەم دارا، هۆۆۆۆ.

دارا کە گوێی لە دەنگی باوکی بوو، هاتە حەوشەکە و بەبینینی دووچەرخەکە ، لەخۆشیان هەر بەڕاکردن خۆی گەیاندە لای دووچەرخەکەو لەدەستی باوکی ڕاپسکاند،ئەوجا بەخۆ و دووچەرخەکەوە چووە دەرەوە، بەڵام هەر زوو هاتەوە، یەکسەر خۆی گەیاندە باوکی و ڕوومەتی ماچ کرد و بەپێکەنینەوە پێیوت: باوکەگیان دەزانی بۆ هاتمەوە؟ هاتووم لێم ببووری.

باوکی بەسەرسوڕمانەوە سەیری کرد و بەزەردەخەنەیەکەوە لێی پرسی: تۆ پێم ناڵێی چیت کردووە تا من بتبوورم؟

دارا چاوی بڕییە باوکی و وتی: من دەبووایە پێش ئەوەی دووچەرخەکە ببەمە دەرەوە، بەرامبەر بەم دیارییە بەنرخەی تۆ سوپاستم بکردایە، هەرچەندە تا ئەو کاتەی دووچەرخەکەم نەبینی، هەمیشە لەبەرخۆمەوە

دەموت: باوکم بەو قسانەی کردی، وابزانم تەنها مەبەستی ئەوەبوو دڵم ڕازیکات و هیچم بۆ نەکڕێ، بەڵام بەدیتنی دووچەرخەکە، گومانم نەما.

باوکی بەم قسانە دایە قاقای پێکەنین و وتی: ئەم پایسکیلە ئەو بەڵێنەبوو کە من بەتۆمدا، ئەوەیش ئەرکی سەرشانی هەموو باوکێکە بۆ هاندانی منداڵەکەی لەقوتابخانە دیاری پێشکەش بکات با ئەو دیاریە بچووکیش بێ.

دارا بەسەرسوڕمانەوە لێیپرسی:بابەگیان ئەرێ وشەی بەڵێن مانای چی یە؟

باوکی وەڵامی دایەوە، وتی: بەڵێن ئەو شتەیە تۆ قسەیەکت کرد دەبێ خاوەن قسەی خۆتبی، بۆ نموونە من کە وتم دووچەرخەت بۆ دەکڕم و بۆتم نەکڕی، ڕەنگە بۆ لەمەودوا من هەر قسەیەك بکەم تۆ باوەڕم پێ نەکەی.

دارا لەدایك چووە پێش، دەستی خستە سەر شانی و، کە دایە و بابەی پێکەوە ماچکرد، بەبێ ئەوەی هیچ قسەیێ بکات، بەخێرایی خۆی گەیاندە دووچەرخەکە و دەستی گەیاندێ و چووە دەرەوە تا لەگەڵ کارۆی هاوڕێی دەست بەیاری بکات.



# شیڤان و بارامی باوکی هاوڕێی یەکن



ڕۆژێکیان دەمە دەمی عەسر بوو، (بارام) بەدەم زەردەخەنەیەکەوە ڕووی کردە (شیڤان)ی کوڕی و وتی: گیانەکەم ئەگەر هیچ ئیشت نییە حەز دەکەم بەیەکەوە بچینە دەرەوە و پیاسەیەکی نێو بازاڕی گەورە بکەین؟

شیڤان بەکەیف خۆشیەوە وتی: ئەگەر تۆ پێتخۆشبێ، ئەوە من هەر زۆرم پێ خۆشە و لەئێستاوە ئامادەم، بچم خۆم بگۆڕم؟

بارامی باوکی وتی: بڕۆ بەپەلە خۆت بگۆڕە وا لەدەرەوە چاوەڕێت دەکەم.

شیڤان بەخێرایی چووە ژوورەکەی خۆی، جلەکانی بەری گۆڕی و هاتەوە لەبەردەمی باوکی وەستا، بەزەردەیەکەوە وتی: هاااا، باوکەگیان، جوانم؟

باوکی بەهەردوو دەستی ناوقەدی دارای گرت و بۆ ئاسمانی بەرز کردەوە، بەکەیف سازییەوە وتی: هەر جوانی و بەس، ماشەڵڵات لێبێ دەڵێی گوڵی.

كە دایگرتە خوارەوە، دەستی گرت و وتی: دەی  با بکەوینە ڕێ، با بڕۆین.
بەدەم پیاسە و ڕۆیشتنی ئاساییەوە بەرەو بازاڕ شۆڕبوونەوە، لەڕێگە قسەی خۆشیان بۆ یەك دەكرد، كاتێ گەیشتنە بازاڕ، باوكی بەشادمانیەوە ڕووی تێكرد، وتی: هەناسەی بابە بۆ خۆت سەیری ئەو شتانە بكە كە دێنە پێشت چاوت و نایانزانی چین، لەوشتانە بپرسەو منیش وەڵامت دەدەمەوە.
شیڤان لەسەر ڕێی خۆی زۆر شت هەبوون تازە دەیانیبینی و نەیدەزانی ناویان چییە و بۆچی بەكاردێن، بەمەیش ڕووی دەكردە باوكی و پرسیاری ئەو شتانەی لێ دەكرد، ئەویش بەجوانی و بە وردی وەڵامی دەدایەوە.
شیڤان وتی: باوكە من بێ تاقەت و شەكەت و ماندوو بووم، ناتوانم بڕۆم .
بارامی باوكی وتی:منیش خەریكە هەناسەم سوار دەبێ، بۆیە تا نەختێ بحەسێینەوە، وەرە بابچینە ئەو كافتریایە و بۆ تاوێ لەوێ دانیشین.
سەریان بە كافتریاكە داگرت، لەسەر كورسی بەرامبەر بەیەك دانیشتن، شاگردی كافتریاكە لێیان چووە پێش و بەئەدەبەوە فەرمووی لێكردن.
باوكی شیڤان بەهەڵپەیەكەوە وتی: بێ زەحمەت چیتان هەیە؟
شاگردەكە بەنەرمی وەڵامی دایەوە: كۆكتێل، شەربەتی مۆز- شەربەتی پرتەقاڵ-شەربەتی مێوژ- شەربەتی هەنار-  قاوە و شیرو چایمان هەیە.
بارام وتی: كۆكتێلێك بۆ من بێنە و بزانە ئەو پەپوولەیەش چی دەوێ؟

شاگردەکە ڕووی کردە شیڤان و وتی: فەرموو، حەزت لەچیە تا بۆتی بێنم؟
شیڤان بە زەردەخەنەیەکەوە وتی: حەزم لە شەربەتی مێوژە، مێوژم بۆ بێنە.
ئەوەندەی نەبرد شاگردەکە هاتەوە، لەسەر سینیەکدا گلاسێ کۆکتێل و گلاسێ شەربەتی مێوژی هێنا و لەبەردەمی دانان.
ئەوانیش بەدەم قسەی خۆشەوە شتەکانیان خواردەوە، پشوویاندا و پاشان هێدی هێدی بەرەو ماڵ گەڕانەوە، باوکی شیڤان هەمیشە دەڵێت:بۆ ئەوەی منداڵەکەت گوێت لێبگرێ وەکو هاوڕێ لەگەڵی بجووڵێوە.
هەر ئەوەش بووبووە هۆی ئەوەی شیڤان باوکی خۆی خۆش بوێ.



# بۆچی شایەنی گوڵ گریا ؟



(شایەن) سەرەڕای بچووکی تەمەنی، کچێکی زیت و زیرەك بوو، هەرگیز لەقسەی دایکی دەرنەدەچوو، دایکی چی پێ بوتبایە، بێ یەك و دوو بۆی جێ بەجێ دەکرد.

ڕۆژێکیان (نازدار)ی دایکی لەژووری پێشوازی دانیشتبوو سەیری تەلەفزیۆنی دەکرد، هەستی بەتێنوویێتی کرد، لەجێوە بەدەنگێکی بەرزەوە بانگی شایەنی کرد: کچەکەم شایەن ئادەی نەختێ ئاو بۆ دایە نایەنی؟

شایەن لە ناندينەکە خەریکی قاپ شووشتن بوو، هێشتا قاپەکانی تەواو نەشۆریبو، دەستی گەیاندە گلاسێك و پڕ ئاوی کرد، چونکە دەستی هێشتا سابوونی پێوە بوو، لەگەڵ بەرزکردنەوەی گلاسەکەدا، یەکسەر لەدەستی بەربۆوە و گلاسەکە شکا، دەستی بەگریان کرد و لەقیژەیەکی توندی دا.

نازداری دایکی وایزانی ڕەنگە شتێکی گەورە ڕوویدابێ، بەڕاکردن خۆی گەیاندە ناندينەکە و کە گلاسە شکاوەکەی بەرچاو کەوت و شایەنی بینی

ئەوە هۆن هۆن دەگرییێ، بەهێواشی لێی چووە پێش، بەنەرم و نیانیەوە زمانی گەڕاند و پێی وت: گیانەکەم ئەوە چیبووە؟ ئەوە بۆ دەگری؟

شایەن کە دەستی بۆ گلاَسە شکاوەکە درێژ کرد، گریانەکەی زیاد کردو وتی: ویستم ئاوت بۆ بێنم، کەچی گلاَسەکەم لەدەست بەربۆوە و شکا.

نازدار بەپێکەنینەوە وتی:قەینا ئەوە گلاَسەکەت شکاند، ئەی بۆ دەگری؟

شایەن بەدەم هەنسکدانەوە وتی:ئاخر ترسام تۆ بەوای ئەو گلاَسەوە کە من شکاندم لێم بدەی ؟

نازدار زیاتر لێی چووە پێش و باوەشی پێدا کرد، دەستی بەسەر پرچی داهێناو بەپێکەنینەوە وتی: جا لێدان چارەی ئەوە دەکات گلاَسە شکاوەکە چاکبێتەوە؟ نا، نەخێر کچەکەم من باوەڕم بەلێدان نییە و لێدان چارەسەر نییە، چارەسەر تەنها ئەوەیە سوود لەهەڵەکەت وەربگریت و ئەوەی ڕۆیشت ئەوا ڕۆیشت و بۆ لەمەودوا ئاگات لەشتەکان بێ.. هااااا جارێکی تر وات نەبینمەوە، دەی بڕۆ لەو دەستشۆرە جوان دەم و چاوت بشۆ و وەرەوە.

شایەن وازی لەگریان هێنا، بە خۆشحاڵیەوە چوو دەم و چاوی جوان شووشت و نازداری دایکیشی بە گێسکێك گلاَسە شکاوەکەی خستە بێلۆکە و نایە تەنەکەی زبڵەوە.



# نەوزاد بەچکەکەی لەهێلانەکە هێنایە خوارەوە



(نەوزاد) لەشێکی سووکی هەبوو، بەئاسانی بەسەر شت هەڵدەگەڕا و لەناو حەوشەکەیان دار کالیپتۆزێکی گەورە هەبوو، چەند هێلانەیەکی لەسەر چێکرابوو.

ڕۆژێکیان لەحەوشەکەوە تەماشای هێلانەکانی سەر دارەکەی دەکردو لەدەنگی جریوە جریوی چەند بەچکە چۆلەکەیەکدا، وتی: وا باشە بەو دارە زلەدا هەڵگەڕێم، خۆم بگەیەنمە ئەو هێلانە و بەچکەکانی ناوی بهێنمە خوارەوە بۆ خۆم بەخێویان بکەم، بزانم قەت وایان لێ ناکەم کەوییان بکەم.

چووە پێش خۆی بەدارەکەوە گرت، بۆ سەرەوە هەڵکشا تا خۆی گەیاندە یەك لە هێلانەکان و هەردوو بەچکەکەی ناوی دەرکرد و بەچکەکانی هێنایە خوارەوە، ئەوجا لەژێر سێبەری دارەکەدا بەچکەکانی دانا و بەڕاکردن ڕۆیشت،ئوەندەی پێنەچوو هەندێ گەنم و نەختێ ئاوی لە جامێك بۆ هێنان.

(زەینەب)ی دایکی کە لە پەنجەرەی ناندینەکەوە سەیری کرد ئەوە نەوزاد خەریکە بەزۆر ئاو دەکاتە دەمی بەچکەکان و بە زۆر گەنمیان دەداتێ، بەهێواشی هاتە حەوشە و لە دوورەوە ڕووی تێ کرد وتی: کوڕم نەوزاد

ئەوە بۆ واز لەو بەچکانە ناهێنی؟ ئەوە بەتەمای بیانکوژی، ئاخر چۆن دەکرێ ئەوانە برسیان نەبێ و تۆش بەزۆر خواردنیان لەدەم کەی؟

نەوزاد بە خۆشیەوە وتی: دایە دایە سەیرکە من ئەو بەچکانەم لەسەر هێلانەی ئەو دارە زلە هێناوەتە خوارەوە، بەنیازم بۆخۆم بەخێویان بکەم، ئەوانە چونکە دایکیان لەناو هێلانەکەدا نەبوو وتم: ڕەنگە توێنی و برسیان بێت بۆیە وا ئاویان دەخەمە دەم و گەنمیان لەقوڕگ دەنێم.

زەینەب بە زەردەخەنەیەکەوە وتی: تۆ هەرچیەك بکەی ناتوانی وەکو دایکەکەیان بەخێویان بکەیت، دەبێ ئەوەش بزانی هیچ شتێك لەسۆز و بەزەیدا جێی دایك ناگرێتەوە، فەرموو سەیرکە ئەوە دایکەکەیان هاتەوە و لەتاوا چی دەکات؟ دەڵێی لێت دیار نییە چۆن لێرە نزیك دەبێتەوە و دەڕوا و دێتەوە؟ ئێمەیش نابێ شتێك بکەین ببێتە مایەی ناخۆشی و خەم و خەفەت بەتایبەت ئەو بەچکانەی تەنها چاویان لە دایکیانە بەخێویان بکات.

نەوزاد نەختێ لەقسەکانی دایکی ورد بۆوە، هەستی بە پەشیمانی کرد، بۆیە لەسەرخۆ بەچکەکانی بردەوە ناو هێلانەکەیان و خۆیشی هاتە خوارەوە، لەژێرەوە سەیری کردن چۆن بەچکەکان دەمیان دەکردەوە و دایکەکەشیان خواردنیانی دەدای، بۆیە ڕووی کردە دایکی و وتی: دایە گیان قسەکانت تەواوە، هیچ شتێك لەسۆز و بەزەیدا جێی دایك ناگرێتەوە.

# گوێدرێژەکە قاچی شکابوو



ڕۆژێکیان گوێدرێژێکی قاچ شکاو وردە وردە بەبەردەمی ماڵی نەوشاد تێدەپەڕی و چەند منداڵێکی ئەو کۆڵانەیش لێی کۆببوونەوە بەدار و بەبەرد و بەشەق بەربببوونە وێزەی، لێیان دەدا و ئازاریان پێی دەگەیاند.

(نەوشاد) خۆی گەیاندە لایان و سەرنجی پێش دەمی خۆی دا، چەند وردکە بەردێکی بەدیکرد، داهاتەوە هەڵیگرتن و هێدە هێدی وەکو منداڵەکانی دیکە بەردەکانی لە گوێدرێژە بەستەزمانەکە دەگرت و گوێدرێژەکەش چونکە قاچی دواوەی شکابوو نەیدەتوانی هەرنا بە لووشکەکانی بەرگری لەخۆی بکات یاخود بەغاردان لەبەر دەستیان هەڵبێ و ئەو شوێنە جێبێڵێ.

(نەخشین)ی دایکی لەو دەمەدا هاتە دەرەوە کە نەوشادی بینی ئەوە لەگەڵ منداڵەکانی دیکە بەرد لە گوێدرێژەکە دەگرێ، بە تووڕەییەوە بەرەو ڕووی منداڵەکان ڕۆیشت و بەدەنگێکی بەرزەوە تێیڕاخوڕین: ئەوە قەت شەرمتان بەخۆتان نییە ئەو گوناهە گەورە دەرهەق بەو گوێدرێژە بەستەزمانە ئەنجام

دەدەن؟دەی خێرا لێی دووركەونەوە، خوا یەكە و نابێ بەدوو بەس بزانم هەر كەسێك شتێكی تێبگرێ، لێی دەدەم، هاااااا، دەی لێرەتان نەبینمەوە.

مندالەكان لەترسان هەر بەڕاكردن ئەو شوێنەیان بەجێ هێشت و نەوشاد لەم ناوەدا بەتەنها مایەوە، دایكی لێی چووە پێش، بە تووڕەییەوە ڕووی تێكرد و تاگرتی شقازیلەیەكی خاسی لێدا، كەللە سەری تەزاند.

نەوشاد بەهۆی ئەو ئازارەوە دەستی بەگریان كرد، بە دەم فرمێسك ڕشتنەوە وتی: دایەگیان بۆ لێم دەدەی؟ گوناهم چییە؟ ئاخر چیم كردووە؟

نەخشینی دایكی وەلامی دایەوە وتی: با لێت بپرسم ئایا تۆ پێت ناخۆش نییە كە هیچت نەكردبێ و منیش لەهیچ و خۆڕایی بێم بەگژتا و لێت بدەم؟

نەوشاد پێیوت: ئەی چۆن؟ چۆن پێم ناخۆش نییە لەكاتێكدا من هیچم نەكردبێ و تۆش لەهیچ و خۆڕایی بێی بەگژما و لێم بدەی.

نەخشینی دایكی بەدەم زەردەخەنەیەكەوە پێیوت: ئەی كەوایە ئەم گوێدرێژە بەستەزمانە چی كردبوو؟ بۆچی بەبێ هۆ بەبەرد لێت دەدا؟

نەوشاد هەستی بەپەشیمانییەكی زۆر كرد، بە پەرۆشەوە وتی: بەلێنبێ دایكەگیان لەمەودوا ئازاری هیچ ئاژەلێك نەدەم .

نەخشینی دایكی ئەملا و ئەولای ڕوومەتی ماچ كرد و هەردووكیان بە خۆشیەوە بەرەو مالەوە ڕۆیشتن.

# گەرمی سۆپا



(نەشمیل) کچێکی قشت و ژیکەڵە بوو، چونکە بەتەمەن هێشتا بچووك بوو، هەموو شتێکی لەیەك جیا نەدەکردەوە و نەیدەزانی گەرمی و ساردی چییە؟ وەرزی زستان لەماڵەوە سۆپایان داگیرساند، نەشمیل بەتاتە تاتی و گاکۆلکە لەسۆپاکە نزیك دەبۆوە و سەرنجی گەشی ئاگرەکەی دەدا حەزی دەکرد دەستی بۆ ببات و دەستی لێ بدات، کەچی کاتێك بەهێواشی دەستی بۆ درێژ دەکرد، (ڕێحان)ی دایکی بەدەنگێکی بەرزەوە بەسەری دەقیژاند: هێێێێی، بڤەیە، هاااا، نەکەی دەستی بگەیەنی دەستت دەسووتێ.

ئەو هات و هاوارە وایدەکرد یەکسەر نەشمیل دەستی بکێشێتەوە، کەچی دوای تاوێ ئەگەر بیزانیایە کەس نایبینێ و نایگرێ، دیسان بەتاتەتاتێ خۆی دەگەیاندە سۆپاکە و دیسان کە دەیویست دەستی بۆ ببات و دەستی لێ بدات، جارێکی تر دایکی دەیقیژاندەوە: بڤەیە، بڤە،هێێێی، نەکەی.

بەپەلە خۆی دەگەیاندە لای نەشمیل و لە سۆپاکەی دوور دەخستەوە.

نەشمیل بەجۆرێ مەراقی لەو سۆپایە گرتبوو، ئەو دەوروبەرەی بەر نەدەدا.

ڕێحانی دایکی واقی وڕمابوو، نەیدەزانی چۆن کارێکی وابکات کچەکەی چیتر نەوێرێ لەو سۆپایە بچێتە پێش و لێی نزیك ببێتەوە، گەلێ بیری کردەوە تا دواجار بیرۆکەیەکی بەمێشك داهات، چوو لەتەك سۆپاکە چوار مەشقی دانیشت، نەشمیلی هێنا لەسەر کۆشی خۆی دانا، ئەوجا دەستی ڕاستەی نەشمیلی گرت و هێدی هێدی دەستی لە سۆپاکە نزیك کردەوە.

نەشمیل هەستی بەگەرمیەکی زۆر کرد، شڵەژا، وایزانی دایکی هەر بەڕاستی دەیەوێ دەستی بخاتە سەر سۆپاکە و بیسووتێنێ، لەتاوا هاواری لێ هەستا و دەستی بەگریان کرد: داااااایە، دااااااایە، دەستم دەستم.

نەیدەزانی بڵێ: دەستم خەریکە بسووتێ، وازم لێبێنە، دەستم سوتا.

ڕێحانی دایکی هەستی کرد بەم کارەی دەتوانێ کار لەنەشمیل بکات ئیتر لەسۆپاکە نزیك نەبێتەوە، کە دەستی نەشمیلی بۆ دواوە کشاندەوە، ئەوەندەی نەخایاند هەمدیس بەئەنقەست دەستی ڕاستەی گرتەوە و لە سۆپاکەی نزیك کردەوە، ئەویش حەجمانی لێ بڕا و وایدەزانی دایکی بەڕاست دەیەوێ دەستی بخاتە سەر سۆپاکە و بیسووتێنێ، بۆیە لەترسا دەستی بەگریان و فیغان کردەوە: داااااایە، دااااایە، دەستم دەستم.

بەدەم فرمێسك ڕشتنەوە، ڕووی خۆی  وەرگێڕاو خۆی خستە ئامێزی دایکی، هێندە نووزایەوە  تا خەوت، لەخەوەکەیشی هەر هەنسکی دەدا.

دوای خەوێکی قووڵ و دوور و درێژ، کاتێك بێداربۆوە و لەخەوەکەی هەستا، ڕێحانی دایکی بەهێواشی نەشمیلی هەڵگرت و لە سۆپاکەی نزیك کردەوە، کەچی نەشمیل بێ یەك و دوو لەسۆپاکە دوور دەکەوتەوە.

دایکی هەرچی جارێ بە پێکەنینەوە تەماشای نەشمیلی بکردایە و بیوتبایە : ئاااااای، دەی کچە جوانکیلەکەم بچووە لای ئەو سۆپایە، دەستی لێدە.

نەشمیل نەختێ سەری بادەدا وەك ئەوەی پێی بڵێ: نا، ناچم، لەو سۆپایە نزیك نابمەوە، سۆپاکە دەمسوتێنێ.



# فرێدانی مۆز



(کاروان)و (شازاد)ی باوکی بەدوو قۆڵی بەپاسەکانی گەڕەك چوونە دەرەوە، پیاسەیەکی ناو بازاڕیان کرد و لەسەر ڕێی خۆیانەوە تا شت ببەنە ماڵەوە، سەردانی ئەو عەلوەیان کرد کەهەموو سەوزەو میوەجاتێکی تێدا دەفرۆشرا.

کاروان بەدیتنی کابرایەکی پشت چەماوەی بەتەمەن کاتیٚ بەسەر پەلکە مۆزێك کەوت و بەپشت دا بەربۆوە، دایە قاقای پێکەنینێکی بەرز.

شازادی باوکی بەخێرایی خۆی گەیاندە کابرا بەتەمەنەکە و یارمەتیدا، کە ڕاستی کردەوە و گۆچانەکەی دایە دەست، ئەویش سوپاسی کرد.

شازاد گەڕایەوە لای کاروان و بەهەڵپەیەکەوە سەیری کرد وتی: کوڕی خۆم، تۆ دەزانی نەدەبوو لەجیاتی ئەوەی یارمەتی ئەو کابرایە بدەیت و دەستی بگری و هەڵیبگریتەوە، کەچی گاڵتەت پێهات و پێی پێکەنی؟

کاروان بەزەردەخەنەیەکی گەشەوە زمانی گەڕاند و  وتی: ئاخر باوکە گیان ئەو کابرا پیرە گەلێ عەنتیکە بەربۆوە، نەمتوانی خۆم بگرم پێ نەکەنم.

باوکی وتی: تۆ هێشتا بچووکی، ئەوانە بەتەمەنن پێویستە یارمەتی بدرێن و ڕێزیان بگیرێ، ئەوانە ڕۆژێ لەڕۆژان وەکو ئێمە بوونە و ئێستا چوونەتە ساڵەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو خەڵکە ئەگەر ئەو مۆزەیان فڕێ نەدایە، نە ئەو پێی لێ دەنا و بەردەبۆوە، نە تۆیش بەو شێوەیە پێی پێ دەکەنی.

کاروان قاقا پێکەنی، وتی: جا چی دەبێ ئەگەر شتێکمان خواردو فڕێماندا؟

شازادی باوکی بۆی خنایەوە پێیوت: چۆن چی دەبێ؟ بەفڕێدانی ئەم شتانە ژینگەی شارەکەمان پیس دەبێ، بەڵام ئەگەر من لەلای خۆمەوە هەستم بەبەرپرسیارێتی کرد و تۆ لەلای خۆتەوە و هەمووومان لەلای خۆمانەوە ئەو شتانەی خواردمان و خستمانە تەنەکەی زبڵەوە، ئەوە چی ڕوو دەدات؟

کاروان بە بزەیەکەوە وەڵامی دایەوە وتی: شارەکەمان هەمیشە پاك و خاوێن دەبێ و پیس نابێ، بەڵام من بەتەنیا چیم پێ دەکرێ؟ئەو من شتێکم خوارد و فڕێم نەدا، خۆ بەدەیان کەسیتر هەن شت دەخۆن  و فڕێی دەدەن.

باوکی وتی: نابێ بەم شێوەیە بیر بکەینەوە، ئەگەر بمانەوێ شارەکەمان پاك و خاوێنبێ، دەبێ هەمووومان هەست بە بەرپرسیاریەتی بکەین.

کاروان نەختێ سەری بۆ لەقاند و وتی: ئەوە ئەرکی سەرشانی هەمووومانە.

پێکەوە لە عەلوەکەدا هەندێ میوە و سەوزەیان کڕی و پێیان هەڵێنا، سواری پاس بوون و هەر بەپاسی گەڕەکەکەیان، گەڕانەوە ماڵ.





# پلیکانە( قادرمە )

ڕۆژگار منداڵێکی چەتوون و بزێو بوو، جەستەیەکی لاواز و لەشێکی سووکی هەبوو، وا خووی بە پلیکانەی ماڵەوەیان گرتبوو، وەکو یاری پێبکات بەشەقاوێك چەند پلیکانەیەکی دەبڕی، دەچووە سەرەوە و هەر بەو شێوەیە دەهاتە خوارەوە. گەلاوێژی دایکی ڕۆژ نەبوو سەرزەنشتی نەکات ، پێی نەڵێ: کوڕەکەم ئەوە یاری نییە تۆ دەیکەی، خۆ ئەگەر خوانەکردە بکەویە خوارەوە، دەست و پێت دەشکێ. ڕۆژگار وەکو فشەو گاڵتەی بەوقسانە بێت، دەیوت: نا دایەگیان لەمن مەترسێ، من وا ڕاهاتووم بەئاسانی ناکەوم، ئەوە یارییەکی خۆشە و بۆ خۆم یاری دەکەم.

گەلاوێژی دایکی بە زەردەخەنەیەکەوە پێی وت: ئەو یارییانەی خەتەرناکن، دەبێ خۆمانی لێ بەدوور بگرین، ئەو یارییەی تۆ دەیکەیت بە چرکەیە، هەر کە پێت خزا، خۆت بەسەلامەتی نادۆزیەوە.

ڕۆژێکیان لە هەڵکشان وسەرکەوتن بۆ سەرەوە، چونکە پلیکانەکە تەڕ بوو، لەسەری خزا، پشتا و پشت بەربۆوە، دەستێکی شکا و ئازارێکی زۆری پێ گەیشت، هاواری لێ بەرز بوویەوە، دایە قیژەیەکی گەورە.

گەلاوێژی دایکی بە هەڵەداوان خۆی گەیاندە لای، کە بینی ئەوە کەوتۆتە سەر زەوی و لەهۆش خۆی چووە، بەدەم گریانەوە چونکە شاخەوانی باوکی ڕۆژگار لەگەشت بوو، تەلەفۆنی بۆ ماڵە دراوسێکەیان کرد، ئەوانیش بەپەلە سەیارەیان هێنا، سواریان کرد و بردیانە نەخۆشخانەی فریاکەوتن و لەنەخۆشخانەیان خەواند.

کە قاچی ڕۆژگاریان لەگەچ گرت، هەر ئەو ڕۆژە هێشتەوە لەنەخۆشخانەیان دەرکرد و بردیانە ماڵەوە، لەو ڕۆژەوە ڕۆژگار وازی لەو یارییە هێناو و هەمیشە دەڵێت: ئەوەی بەگوێی دایك و باوکی نەکات زەرەر دەکات، ئەگەر من بەقسەی دایکم بکردایە قاچم نەدەشکا. بۆیە من لەمەودوا بزانم هەر یارییەك زیانم پێ دەگەیەنێ، نایکەم.

# هێلانەکە تێك مەدە



ڕۆژێکیان (هەژار) لەماڵەوە دەستی بۆ گاشەبەردێکی نێو حەوشەکەیان درێژ کرد و هەڵیگرتەوە، بەردەکەی بۆ ئەو هێلانە هاویشت کە لەبن میچی خانووەکەیاندا دوو کۆتری جوان دروستیان کردبوو، کۆترەکان هەر زوو لەترسان لەشەقەی باڵیاندا و هەڵفڕین و ئەو دەوروبەرەیان بەجیٚ هێشت.

(ژیلە)ی دایکی بەدەنگێکی بەرزەوە قیڕاندی بەسەریا و پێی وت: هەژار گیان پێم ناڵێی ئەوە چ دەکەی؟ ئەوە بۆچی بەرد لەو کۆتر ژیکەلانە دەگری؟

هەژار خۆی شێلوو نەکرد، بەهەڵپەیەکەوە وتی: ئاخر گەلێ ڕقم لەو کۆترانە دەبێتەوە، حەز ناکەم بیانبینم و دیمەنی خانوەکەمانی ناشیرین کردووە.

ژیلە پێیوت: تۆ هێشتا لەدایك نەبووبووی، لەسەردەمی بەعسیەکاندا سوپای ڕژێم هێرشی کردە سەر گوندەکەمان، ئێمەیش هەمووممان نەوەکو بمانکوژن، لەترسان هەڵاتین و ئەوانیش هەموو خانووەکانیان ڕووخاندین، ئێستاش کە بیر لەو ڕۆژانە دەکەمەوە چۆن دەژیاین و چۆن هەموو شتەکانمان بەجێ هێشت و چۆنیش خۆمان گرتەوە؟ قسەکردن هەر بەدەم خۆشە، ئەگینا شتێك تا بەسەرت نەیێ، نازانی ئەو شتە چەند ناخۆشە، بۆیە هەرگیز بیر لەوە مەکەوە ماڵی کەسێ تەنانەت هێلانەیەك تێك بدەیت.

هەژار ڕووی کردە دایکی و وتی: دایەگیان قسەکانت هەمووی دروست و تەواون، بۆیە بەڵێنبێ لەمەودوا شتێ نەکەم بزانم ئەو شتە خراپ بێ.

ژیلەی داهاتەوە، ئەملا و ئەولای گوپە خڕەکانی هەژاری ماچ کرد و وتی: ئەك ئافەرین کوڕە شیرینەکەم.



# قارەمان دینارێك دەدۆزێتەوە



ڕۆژێکیان (قارەمان) دەچێتە قوتابخانە و لەڕێی گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە پێنج دینار دەدۆزێتەوە، لەخۆشیان هەر بەڕاکردن ڕادەکات و دەیەوێ هەرچی زووە بگاتەوە ماڵ و جانتاکەی دانێ، ئەوجا بەپەلە بچێتە دوکانەکەی سەر جادەی سەرەکی و بەو پارەیەی دۆزییەوە بۆ خۆی شتێکی پێ بکڕێ.

کاتێك پێی نایە حەوشەی ماڵەوە، جانتاکەی لەو دوورە دانا و هەر لە دوورەوە سەلامی لە (ئایشەخان)ی دایکی کردو وتی: دایە گیان من تا ئەو بازاڕەی پشتەوە دەچم، زۆرم پێ ناچێ دەگەڕێمەوە، چ ئیشت نییە؟

ئایشەخان چاوئەبڵەق بوو، بە تاسەوە پرسی: جا چ ئیشت لەبازاڕە؟

قارەمان وا فێر کرابوو ڕاستگۆبێ ودرۆ نەکات، بۆیە دەستی نایە باخەڵی و پێنج دینارەکەی دەرێنا، بێ پەروا وتی: دایکەگیان چیت لێ بشارمەوە، پێش ئەوەی بێمەوە، لەسەر ڕێی خۆمدا ئەو پێنج دینارەم دۆزییەوە، ئێستا با پرست پێ بکەم: چۆنە بچم بەو پارەیە سەیارەیەکی بەکۆنتڕۆڵ بکڕم؟

ئایشەخان وەڵامی نەدایەوە، تەنها چاوەکانی نایە سەر یەك و سەری لێ بادا وەکو ئەوەی پێی بڵێ: ئەوە قسەیە دەیکەی؟ من بەم ئیشەت ڕازی نیم.

قارەمان زانی دایکی بەو پێشنیارە ڕازی نییە، ئەوجارەیان وتی: ئەی باشە بۆ نەچم هەندێ قەڵەم ڕەنگ و ڕەشکەرەوە و چەند دەفتەرێکی پێ بکڕم؟

ئایشەخان دووبارە چاوەکانی نایە سەر یەك و سەری لێ بادا وەکو ئەوەی هەمیسا پێی بڵێ: نەخێر من بەم شتەیش ڕازی نیم.

قارەمان بەردەوام بوو لەسەر پێشنیارەکانی، بۆ ئەوجارەیان وتی: ئەی چی دەڵێی ئێستا بچم لەو کەبابخانەی پشتەوە نەفەرێ کەبابی خاسی پێ بکڕم و بێمەوە بۆ خۆمان بەیەکەوە کەبابێکی خۆش بخۆین؟

ئایشەخان بەدەم زەردەخەنەیەکەوە وتی: قارەمانەکەم با لێت بپرسم لەبیرتە هەفتەکەی ئەولاتر کاتێ شالأوی باوکت دوو دیناری پێدای تاوەکو بچی لەو نانەواخانەی سەرەوە هەندێ نان بکڕی، کەچی لەڕێی خۆتا پارەکەت لێ بەربیبۆوە و بزرت کردبوو، ئایا کە هاتیەوە ئەو دەمە هەستت بەچی کرد؟

قارەمان بە پێکەنینەوە ڕووی کردە دایکی و وتی: توخودا دایکە ئەگەر ئەو شتەم بەبیر بێنییەوە، ئااااای کە چەند ناخۆش بوو، ئێستاش ئەو ڕۆژەم لەبیرە دەترسام بێمەوە ماڵ کە بڵێم پارەکەم بزر کردووە ئێوە لێم قەبوڵ نەکەن و لەسەر بزربوونی لێم بدەن،بۆیە تا ماوەیێ لەو بەینەدا هاتم و چووم و هەر چاوم لە عەردەکە دەگێڕا بەو نیەتەی بیدۆزمەوە، کە نەشمدۆزییەوە بەناچاری بەدەم گریان و فرمێسك ڕشتنەوە هاتمەوە، بەڵام سەیرم پێ هات لەجیاتی ئەوەی لێدان بخۆم، کەچی ئێوە دڵتان دامەوە و وتتان: دەی ئەو پارەیە بەقوربانتبێ، دەی بڕۆ دەم و چاوت بشۆ و هەر وابزانە هیچ نەبووە.

ئایشەخان بە زەردەخەنەیەکەوە وتی: ئێستا با پرسیارێکی دیکەت لێ بکەم، پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا هەموو دایکو باوکێ وەك ئێمە بیر دەکەنەوە؟

قارەمان ئاخێکی هەڵکێشاو وتی:نەوەڵڵا برادەرم هەیە لەسەر بزرکردنی ڕوبعە دیناری دایك و باوکی هێندەیان لێی داوە، بەقوربانی مردنیان کردووە.

ئایشەخان وتی: کەواتە.......

قارەمان بە بزەیەکەوە وتی: کەواتە تێگەیشتم، تێگەیشتم و تەواو، ئەگەر لەهەر شوێنێ پارەیێ، شتێکم دۆزییەوە دەبێ بۆ خاوەنەکەی بگەڕێنمەوە.

ئایشەخان دەستخۆشی لێکرد و وتی: کوڕەی خۆم هەر کەسێ کە شتێك بزر دەکات ئەوە سووڕ بزانە ئەگەر شتەکەی زۆر بچووکیشبێ هەر چاوی لێیە، کەواتە تۆ لە مەبەستەکەم تێگەیشتی.

قارەمان وتی: کەواتە ئەوە من ڕۆیشتم و وا دەچمە ئەو شوێنە و بەدوای خاوەنەکەی دەگەڕێم بزانم هی کێیە تا پارەکەی بۆ بگەڕێنمەوە.

ئایشەخان لەخۆشیان هەر ئەوەندەی بۆ کرا پێی بڵێ: هەر بژی شێری دایە و بابە، هەر بژی قارەمان.



# پیرەژنێکی بەساڵاچوو



بەیانیەکیان تازە خۆر بەرەو چەقی گەردوون هەڵدەکشا، (شلێر) لەگەڵ (مەنیج)ی دایکی بەیەکەوە لەبەردەم دەرگای حەوشە وەستا بوون قسەی خۆشیان بۆ یەك دەکرد، لەم ئان و ساتەدا پیرەژنێکی پشت کوڕی بەتەمەن، گۆچانێکی بەدەستەوە بوو وردە وردە بۆسەرەوە دەڕۆیی، ڕۆیشتنەکەی سەرنجی شلێری ڕاکێشا، دایە قاقای پێکەنین و بەپەرۆشەوە ڕووی کردە مەنیجی دایکی و لێی پرسی: دایە گیان ئەو پیرەژنە بۆچی ئاوا پشتی چەماوەتەوە؟ بەڕاستی سەیرە! چما ئەوەی پیربێ ئاوای لێ دێ؟

مەنیج بەهەڵپەیەکەوە وتی: ئاخر ئەو ئافرەتە چووەتەساڵەوە، هەر کەسێ پیر ببێ پشتی دەچەمێتەوە،چاوی کزدەبێ و تاقەتی ڕۆیشتنیشی نابێت .

شلێر لەسەر پرسیارەکانی بەردەوام بوو: باشە هەموومان وامان لێ دێ؟

مەنیج پێی وت: کچەکەم ئەوانە ڕۆژێك لە ڕۆژان وەکو ئێمە بوون، مرۆڤ نابێ شانازی بەخۆیەوە بکات وابزانێ هەتا دەمرێ هەر ساغ و جوان دەبێ؟ نەخێر ئەوە سوننەتی ژیانە بمانەوێ و نەمانەوێ دەبێ هەموومان پیر ببین، ئەو پیرەژنەی دەیبینی وەکو لێی دەگێڕنەوە کاتی خۆی لەم گەڕەکەدا ئافرەتی ئاوا جوان و شۆخ و شەنگ و نازدار نەبووە، جوانیەکی وای کردبوو هەموو خەڵکی ئیرەییان پێی دەبرد، ئەوە ئێستاش وا دەیبینی چۆنە، ئێمەیش دەبێ بەڕێزەوە سەیری بەتەمەنەکان بکەین و گاڵتەیان پێ نەکەین، بەتایبەت دایك و باوك کە دەچنە ساڵەوە ئەوە ئەرکی منداڵەکانیەتی لەو تەمەنەی ماویانە دڵیان نەشکێنن و خزمەتیان بکەن.

شلێر تفی ناو دەمی قوتدایەوە و وتی: من زۆر پەشیمانم نەدەبوو پێی پێبکەنم، لە ئێستاوە هەر کەسێ ببینم چووەتە ساڵەوە، چیم لەدەستبێ یارمەتی دەدەم ئەگەر بەقسەیەکی خۆشیش بێت.



# شفتە گەرمەکەی بانە




(بانە) بەیانی دوای نانخواردن، بەرە بەری چێشتەنگاو بیری دەکردەوە و لەخەمی ئەوەدابوو ئاخۆ: بۆ نیوەڕۆ چی لێنێ؟ چەندی سەری هێنا و برد تا دواجار ئەوەی بە کەڵکەڵە داهات بۆ ئەو جەمە شفتەیان بۆ ئامادە بکات.

بەپەلە جلەکانی بەری گۆڕی و بەشێنەیی خۆی گەیاندە گۆشتفرۆشەکەی سەرەلقی کۆڵانەکەیان، چارەگێ گۆشتی نەرمکی کڕی و هەر لەوێ کردیە قیمە، ئەوجا لەدوکانێکی سەوزەفرۆشیشدا دەسکێ کەرەوز، نیو کیلۆ کودی، نیو کیلۆ پیاز و کیلۆیەك خەیار و تەماتەی بۆ زەڵاتە کڕی و هاتەوە.

لە سەر تەختە قیمەکەدا چەند سەلکە پیازێکی لەگەڵ دەسکە کەرەوزەکە هەنجنی و لەتەشتێکدا تێکەڵ بەیەکی کردن، ئەوجا قیمەکەی تێکرد و هەندێ ئاردی سفری بەسەردا کرد و نەختێ ئاویشی تێکرد، کە جوان شێلای، پارچە نایلۆنێکی هێناو خستیە سەری، لەلایەکی ناندینەکەی دانا.

پێش نیوەڕۆ، تاوەیەکی هێنا خستیە سەر ئاگر و نەختێ ڕوونی تێدا هەڵقرچاند، ئەوجا وردە وردە کەوتە سوور کردنەوەی شفتەکە و ئەو شفتەی لەڕوونەکەدا دەبرژا، بە کەوگیر دەریدێنا و دەیخستە قاپێکەوە.

(هەنگاو)ی کوڕی لەو سەروبەندە هاتەوە ماڵ و بەپەلە پرۆزێ خۆی بە ناندینەکەدا کردو بەهەناسە بڕکێوە، لە دوورەوە هاواری کردێ: دایەگیان ئەرێ چیمان هەیە برسیمە؟ ئەگەر شتێ نەخۆم دەق لەبرسان دەمرم؟

بانەی دایکی بەکەیف خۆشیەوە لەوەلاّمدا وتی: ئەگەر تۆزێ ئارام بگری ئەوە خەریکی شفتە سوور کردنەوەم و چی وام نەماوە، هەر کە شفتەکەم تەواو کردن، یەکسەر سفرە ڕادەخەم، پێکەوە هەموومان نانەکە دەخۆین.

هەنگاو بەبیستنی وشەی شفتە، دەمی ئاوی کرد، هێدی هێدی هەنگاوینا، خۆی گەیاندە لای دایکی و بێ پرس و ڕا دەستی گەیاندە شفتەیەکی گەرم و نایە دەمیەوە، چونکە شفتەکە زۆر گەرم بوو ڕێك سەری زمانی سووتاند، بەمەیش هاواری لێ هەستا و لەتاوا دەستی بەگریان کرد.

بانە ناوچەوانی لێ گرژ کرد و وتی: ئەی من چیم وت کوڕەکەم؟

هەنگاو خێرا دەستی بۆ گلاّسە ئاوەکەی بەردەمی دایکی درێژ کرد، بەیەك بین هەموو ئاوەکەی هەڵقوڕاند، ئەوجا وتی: دایکەگیان بەڕاستی پەشیمانم نەدەبوو پەلەم بکردایە، دەبو چاوەڕوان بوومایە تا سفرەت ڕادەخست...

بانە وتی: هەر شتێك بەپەلەی ئەنجامی بدەی، بەپەلە لێی پەشیمان دەبیەوە. کوڕی خۆم واباشە تا سفرە دانەخەین و شتەکانی لەسەر دانەنێین، لەخۆڕا دەست بۆ هیچ نەبەین، خۆشی خێزانیش لەوەدایە هەموومان بەیەکەوە لەیەك کات کۆببینەوە و دەست بەخواردن بکەین.

هەنگاو سەری بۆ قسەکانی بانەی دایکی لەقاند و وتی: قسەکەت تەواوە دایە گیان، ئەوەتا مامۆستاکەمان فێری کردووین کە وەکو ڕێزێك لە پێش میوان و لە پێش کەسی لەخۆمان گەورەتر دەست بۆ خواردن نەبەین.

بانە بەپێکەنینەوە وتی: ئەك ئافەرین کوڕەکەم، دیارە مامۆستاکانتان لە قوتابخانەدا فێری شتی جوانتان دەکەن، بۆیە ڕێز لە مامۆستاکانت بگرە و بەگوێیان بکە.



# دایە حەز دەکەم تەیارە دروست بکەم



(ماردین) و (شانیا)ی دایکی لەسەر بانیماڵەوە لەنزیك پەڕژینی پێشەوەی خانووەکەدا کە دەستیان پێوەی گرتبوو، دەیانڕوانیە باخچەکەی پێش دەمی ماڵیان ، بەدەم قسەی خۆشەوە کاتێك تەیارەیێ بە ئاسمانی ئەو دەوروبەرە تێپەڕی، ماردین چاوی تێبڕی و بەپەرۆشەوە پرسی: دایەگیان ئەرێ تەیارە چییە؟!

شانیای دایکی وەڵامی دایەوە وتی: تەیارە ئەو شتەیە مرۆڤ دروستی دەکات و ژمارەیەکی زۆر لە مرۆڤ سەد، دووسەد کەس، بگرە زیاتریش

لەخۆ دەگرێ و لەشارێکەوە بۆ شارێکی تر یا لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکەیان لەئاسمانەوە بەماوەیەکی کورت دەگوازێتەوە.

ماردین بەردەوام بوو لەسەر پرسیار کردن: جا ئەو تەیارە بچووکە چۆن ئەو هەمووە خەڵکە بێشومارە دەگرێ، سەیرە ئەی چۆن دەڕوا و ناکەوێ؟

شانیای دایکی وتی: کوڕەکەم ئەوانەی ئەم تەیارەیان دروست کردووە حیسابی هەموو شتێکی گەورە و بچووکیان بۆی کردووە، ئەم تەیارانەش تۆ وادەزانی بچووکن، نا، نەخێر ئەمانە بچووك نین، بەڵام هەر شتێ چەند گەورەبێ تا بۆ ئاسمان بەرز بێتەوە لەپێش چاومان بەبچووکی دەردەکەوێ.

ماردین بە بزەیەکەوە وتی: دایە گیان من حەزم لێیە تەیارە دروست بکەم!

شانیا بە تاسەوە وتی: هەر بەڕاستی حەزت لە تەیارەیە دروستی کەی؟

ماردین بەدەم قاقای پێکەنینەوە وتی: ببوورە گاڵتەم کرد، من حەز دەکەم لەدوا ڕۆژ ببمە مامۆستا و خزمەتی کۆمەڵگاکەمان بکەم.

شانیا وتی: ئەگەر بخوێنی دەبیە ئەو شتەی کەدەتەوێ، جا هەر شتێکبێ.

ماردین لەدایکی چووە پێش، ئەملا و ئەولای ڕوومەتی ماچ کرد و وتی: سوپاس بۆ ئامۆژگاریەکانت دایەگیان، دایە خۆشەویستەکەم.



# مراوی بۆ لە ئاو ناخنکێ؟



ڕۆژی هەینی بوو، (مەڕوان) بەخاو خێزانەوە بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش بەرەو دەرەوەی شار بەڕێکەوتن، چونە نزیك ڕووبارێ کە لە تەنیشتیەوە دارو دەوەنێکی زۆری لێ بوو، لەژێر سێبەری یەك لەو دارانە باروبنەیان دانا و ماوەیەکی خۆشیان لەوێ بەسەر برد.

(هۆشەنگ) بەهەڵپەیەکەوە ڕووی کردە مەڕوانی باوکی و وتی: بابە گیان سەیرە بۆچی ئەم قازانە لەم ئاوەدا مەلە دەکەن و ناخنکێن، ئایا منیش دەتوانم وەکو ئەوانە بچمە ناو ئەم ئاوە بۆ خۆم مەلەوانی بکەم و نەخنکێم؟

مەڕوان بە زەردەخەنەیەکەوە پێیوت: کوڕەکەم هۆشەنگ، ئەوانە خوای پەروەردگار وەهای دروست کردوون هەم لەناو ئاو دەتوانن بۆ خۆیان

بسووڕێنەوە، هەم لەدەرەوەش دەتوانن بۆ خۆیان بگەڕێن، تۆ کە مەلەوانی نەزانی بچیە نێو ئاوەکە، دەزانی چیت لیٚ بەسەردیٚ؟ ئەگەر شارەزایت لەمەلەوانی نەبیٚ، دەم و دەست نقومی ژێر ئاوەکە دەبی و دەخنکێی.

هۆشەنگ وتی: ئاخر زۆرم حەز لەمەلەوانیە، چیبکەم بۆ ئەوەی مەلەوانی فێر ببم؟ مەلەوانی زۆر خۆشە، دەمەویٚ ببم بە مەلەوانزانێکی باش .

باوکی وتی: هەر شتیٚ مرۆڤ هەوڵی بۆ بدات پێی دەگا، مەلەوانی وەکو خوێندن وایە کەس لەخۆیەوە فێری نابیٚ، تۆ تا لەپۆلی یەك نەخوێنی ناتوانی یەکسەر بچیە پۆلی سیٚ و لەپۆلەکانی دیکەدا دانیشی، خەم مەخۆ کەی چووینەوە ماڵ، لەناو شار مەلەوانگە هەیە و شوێنی تایبەت بەمنداڵان هەیە، من لەگەڵ خۆما دەتبەم تا بەتەواوی فێر دەبی.

هۆشەنگ بەهەڵپەیەکەوە وتی: توخوا باوکە ئەوە بەڕاستتە؟

باوکی دایە قاقای پێکەنین و وتی: ئەی چۆن؟ کە لەویٚ بەتەواوی فێر بووی، کەی هاتینەوە ئەم ناوە ئەو وەختە بەئارەزووی خۆت مەلەوانی بکە.

هۆشەنگ بۆ ئەو بەڵێنەی پێیدا، سوپاسی باوکی کرد.



# هاوڕێیەتی درۆزن مەکە



(بەشدار) ماوەییێ (جەنگی) کردبووە هاوڕێی خۆی، (پەروان)ی دایکی نەیدەزانی ئەو کوڕە کێ یە و هەڵسوکەوت و ڕەفتار و دانیشتنی چۆنە؟ ڕۆژێکیان بەپەرۆشەوە لێی پرسی: بەشدار گیان من ئەو جەنگیە لەنزیکەوە ناناسم، ڕەفتار و گفت و لفتی لەگەڵت چۆنە ؟

بەشدار بە تەوسەوە وتی: من تاوەکو ئێستا شتی وا خراپم لە جەنگی نەدیوە، جەنگی کوڕێکی مەشرەبخۆش و دەم بەشووشە، بەڵام یەك سیفەتی خراپی هەیە درۆ زۆر دەکات و نەختێکیش دەستی پاك نییە.

پەروازی دایکی دووبارە لێی پرسیەوە: یانی چۆن دەستی پاك نییە؟

بەشدار بێ پێچ و پەنا وتی: هەر بۆ نموونە دوێنێکە تویتەییێ بەبەر دەممان تێپەڕی کە لەدواوەی تەرە و میوەی بۆ فرۆشتن تێدا داندرابوو،

لەجێوە دەستی گەیاندێ و دوو دانە خەیاری ناسکی لێ برد، بێ ئەوەی کابرا بیبینێ، خۆی دانەیەکی خوارد و دانەکەی دیکەیشی دایە من، لێت ناشارمەوە منیش لەو خەیارەم خوارد، خەیارێکی خۆش بوو.

پەرواز بەسەرسوڕمانەوە وتی: یانی خەیارەکەت خوارد؟

بەشدار وتی: ئەرێ وەڵڵا خەیارەکەم خوارد، زۆر تەڕ و بەتام بوو.

پەرواز وتی: کوڕەکەم نابێ هاوڕێیەتی یەکێك بکەی دز و درۆزنبێ.

بەشدار وتی: ئاخر من خۆم هەبم، ئەو ناتوانێ بمگۆڕێو کارم تێ بکات.

پەرواز وتی: حاشایەکی تۆ، کورد قسەیەکی جوانی هەیە دەڵێ: کەر لەگەڵ ببەستیەوە یا خووی دەگرێ یا خەسڵەت، کاکڵی قسان یەکێ درۆزنبێ هی ئەوە نییە پشتی پێ ببەستی، کەواتە بێ ئەوەی هەست بەهیچ بکات هەوڵدە وردە لەخۆتی دوور بخەرەوە و یەکێ بکە بە هاوڕێی خۆت کە کەسێکی باوەڕدار و دەم و دەست پاکبێ.

بەشدار کە لەقسەکانی دایکی وردبۆوە، وتی: لەبەیانیەوە کار بۆ ئەوە دەکەم بەهەر بیانوویەکەوەبێ بەرە بەرە لەخۆمی دوور بخەمەوە، ئەرکی سەرشانی هەموومانە گوێڕایەڵی ئامۆژگاریەکانی دایك و باوکمان ببین، هیچ دایك و باوکێك ڕێی خراپ بە ڕۆڵە جگەرگۆشەکەی نیشان نادات.

# شەڕانگێزی سۆران



(سۆران)منداڵێکی سەرەڕۆ و بێعار بوو، هەمیشە بەگژ ئەم و ئەو دا دەچوو، تەشقەڵەی بەم و بەو دەکرد. سیفەتێکی سەیریشی هەبوو بەهەر کەسێك بوێرایە وەکو لەزگە پێیەوە دەنووسا و بەردەوام شەڕی پێ دەفرۆشت.

(مامەند) هاوتەمەنی سۆران بوو، بەڵام چونکە بەژن و باڵای بچووك و لەجەستەدا کەسێکی ڕەقەڵە بوو، سۆران ڕۆژ نەبوو هەر بەهەوای هەوەس بەگژیدا نەچێ و لێی نەدات و هەستی بریندار نەکات.

مامەند ئەو ڕۆژانەی دەگەڕایەوە ماڵ و (پەری) دایکی کە دەیبینی ڕۆژێ جلەکانی بەری دڕاوە و شاتاڵ شاتاڵ بووە، ڕۆژێ هەموو جلەکانی بەری پیس بووە و ڕۆژێکیش شوخت بەدەم و چاویەوەیە و سەری شکاوە، کاتێ لێی دەپرسی: کوڕم ئەوە بۆ وات لێهاتووە؟ کێ وای لێ کردووی؟

لەترسی سۆران نەیدەوێرا ڕەپ و ڕەوان بڵێ: ئەو کوڕە وای لێکردووم، بۆیە هەر جارە بەقسەیێ پینە و پەڕۆی بۆ پرسیارەکان دەکرد: کەس لێینەداوم بۆ خۆم بەربوومەتەوە..ئا لەیاریدا لەگەڵ هاوڕێکەم دا سەرمان لەیەکی دا .

تا دواجار پەری دایکی بەهێمنی لێی چووە پێش، پێیوت: کوڕی خۆم شتم لێ مەشارەوە من دایکتم ، دەی بڵێ بزانم ئەوە کێیە وات لێ دەکات؟

مامەند بەم قسانەی دایکی دەستی بە گریان کردو وتی: کوڕێکە ناوی سۆرانە نازانم ماڵیان لەکوێیە، بەڵام زوو زوو جار دێتە ئەو گەڕەکەی ئێمە و ماوەیەکە خووی بەمنەوە گرتووە هەر بجوولێمەوە دێ بەگژمداو لێم دەدات.

پەری هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو وتی: دەی ئەوەی چوو، چوو، بەڵام تۆ نەدەبوو لەوساوە ئەو شتە لەدایکی خۆت بشارییەوە، بەهەرحاڵ کەی لەو ناوەت بینی و زانیت لەو دەوروبەرەیە، بەپەلە ئاگادارم بکەوەو هەقت بەسەر هیچەوە نەبێ، من تەنها دوو قسەی لەگەڵدا دەکەم و تەواو، باشە بابەکەم؟

مامەند سەری ڕەزامەندی بۆ لەقاند و هیچ قسەیەکی دیکەی نەکرد.

ئەوجا پەری دایکی بە زەردەخەنەیەکەوە وتی: دەی بڕۆ دەم و چاوت بشۆ و نامەوێ بتبینم بگری، باشە گیانەکەم؟

ئەویش سەری بۆ لەقاند و بەهێمنی چووە بەردەم دەست شۆرەکە و جوان دەم و چاوی شووشت و بە پشتەماڵەکە سڕییەوە.

هەفتەیەك تێپەڕی، ڕۆژێکیان بەرە بەری چێشتەنگاو بوو، مامەند کت و پڕ خۆی کرد بەماڵ و بەهەناسە بڕکێوە چووە لای دایکی: دایە، دایە، ئەوە سۆران وا لەگەڵ کوڕێکی دیکە هاتۆتە کۆڵانەکەمان، وەرە با نیشانتی بدەم.

پەری دایکی بەپەلەپرووزێ نەعلەکانی نایە سەر پێ و لەگەڵ مامەند هاتە دەرەوە، بەڵام چ ببینێ؟ تەماشای کرد ئەوە هەردووکیان بەشەڕ هاتوون.

مامەند وتی:دایەگیان ئەو بەرگڕەشە سۆرانە، ئەوەیە هەموو ڕۆژێ لێم دەدا.

دایکی سەیری پێهات کوڕە جل سوورەکە سۆرانی ناوەتە ژێر خۆیی و بەمست لێی دەدات و ئەویش ناوێرێ دەست بکاتەوە و هیچی پێ ناکرێ، گەلێك شەق و پێلەقەی خوارد، سۆران لەتاوا هاواری دەکرد و لێی دەپاڕایەوە لێی نەدات، کەچی جل سوورەکە هەر لێی دەدا و ڕانەدەوەستا.

پەری سکی پێسوتا، چوو لێکی کردنەوە و نەیهێشت چیتر لەسۆران بدات.

جل سوورەکە بەدەم هەڕەشەوە پێیوت: بەس ئەوجارە بزانمەوە فشە فش بکەی، یەکسەر ڕۆیشت ، پەری بن هەنگڵی سۆرانی گرت و ڕاستی کردەوە.

سۆران سوپاسی ئەو هاوکارییەی کرد و پەری وتی: سۆران گیان تۆ دەزانی ئەو مامەندە کوڕی منە، دەمەوێ لەمەودوا ئاگات لێبێ نەهێڵی لێیدەن.

سۆران هەستی بەپەشیمانیەکی زۆر کرد، بە پەرۆشەوە وتی: دایکی مامەند توخوا لێم ببوورن من لەگەڵی خراپ بووم، بەڵام بەڵێنبێ لەمەودوا وەکو

برایەکی خۆم سەیری بکەم، خۆ بزانم هەر کەسێك هەڕەشە و تەشقەڵەی پێ دەکات ، لەسەری دەکەمەوە و ناهێڵم کەس لێی بدات.

که ئەو قسانەی بۆ دەربڕی، خۆی گەیاندە لای مامەندو وتی: پەشیمانم، لێم ببوورە من نەدەبوو بەو شێوەیە لەگەڵ تۆدا هەڵسوکەوتم بکردایە.

مامەند هیچی نەوت، ئەویش سەری خۆی دانەواند و بۆ سەرەوە هەڵکشا.

مامەند چووە لای دایکی و وتی: سەیرە من وامزانی دەچی تۆڵەی منی لێ دەکەیەوە، کەچی ناوبژیوانیت کرد و یارمەتیتدا تاوەکو ئەو کوڕە جل سوورە پتر لێی نەدات، لەکاتێکا دەبوو تۆش لەگەڵ کوڕەکەدا لێت بدایە.

دایکی وتی: سەرەتا وام بەخەیاڵ داهات ویستم بچم تێر وپڕی لێ بدەم، کەچی بیرم کردەوە لێدان چارەسەری کێشەکان ناکات، فەرموو بەو یارمەتیەی نەمهێشت چیتر لێیبدەن، واملێکرد داوای لێبوردنت لێ بکات.

مامەند وتی: ئاخر ئەو کەسانە ناگۆڕێن، ئەوانە شایانی سۆزو بەزەیی نین.

دایکی وتی: کوڕەکەم ئەوەی زوڵم لەیەکێك بکات، بێگومان یەکێکی تر هەیە زوڵمی لێ بکاتەوە، خۆ بەچاوی خۆت بینیت ئەو کوڕە چۆنی لێدا؟

مامەند بە پێکەنینەوە وتی: زۆر سوپاس دایە گیان، من لەو هەڵوێستە جوانەی تۆوە فێری ئەوە بووم کە دەسەلاتم هەبوو نابێ زوڵم و ستەم لەکەس بکەم، بەڵکو دەبێ یارمەتی ئەوانە بدەم کە ستەمیان لێ دەکرێ.

# خۆت لەمین بپارێزە



(ژیار) و (کەژێ)ی دایکی دەمەو خۆر ئاوابوون بەیەکەوە لەپێش دەرگا وەستابوون، تەماشای دەرەوەیان دەکرد و قسەیان بۆ یەك دەکرد.

گەنجێك سەرنجی ژیاری ڕاکێشا کە دەست و پێیەکی نەبوو، بینایی چاوی ڕاستەیشی لەدەست دابوو بۆیە بەو هۆیەوە چاویلکەی لەچاو بوو، ئەوجا بەخۆ و گۆپاڵێکەوە هێدی هێدی بەو کۆلانە بەرەو سەرەوە هەڵدەکشا.

ژیار بەپەرۆشەوە لەدایکی پرسی: ئەرێ دایەگیان ئەو گەنجە بۆچی دەست و قاچی نییە و عەینەکیشی لەچاو کردووە؟

کەژێی دایکی وەڵامی دایەوە وتی: ڕۆڵە گیان مرۆڤ هەیە بەزگماك ئەوها لەدایك دەبێ، هەیشە بەهۆی ڕووداوێکەوە ئەو حاڵەتەی تووش دێت.

ژیار دووبارە لێی پرسی: مەبەستت لە ڕووداو چییە؟

کەژێی دایکی بۆی خنایەوە و وتی: مەبەستم لە ڕووداو بەهۆی پێکدادانی سەیارەوە یان بەربوونەوە لەشوێنێکی بەرز و شتی لەو بابەتانەیە، بەهەر حاڵ من لەو ماڵە دراوسێیەم بیستووە گوایە ئەو گەنجە کاتی خۆی زۆر بزێو و چەتوون و سەرەڕۆ بووە، سڵی لەهیچ نەدەکردەوە، هەر ئەو دراوسێیەشمان بۆی گێڕامەوە

گوایە ئەو گەنجە تابڵێی کوڕێکی جوان و قۆز بووە، پێش ئەوەی بێنە شار ماڵیان لە گوندێکی سەر سنوور بووە و شوانکارە بووە، ڕۆژانە پەزەکانی بۆ لەوەڕ دەبردە دەرەوەی گوند و دەیبردە ئەو هەڵەت و دەشت و دەر و چیاو چۆڵە، لەهەر شوێنێ مینی ببینیایە خۆی دەگەیاندێو دەستکاری دەکردو فافۆنەکەی دەردێناو دەیبردەوە تادەبووە چەند کیلۆیەك، پاشان کە بهاتایەتە شار بەبڕە پارەیەك دەیفرۆشت، پەزەکەشیان هێندە زۆر بوو لەگەڵ برایەکی دا بۆ لەوەڕیان دەبرد.

هاوڕێیەکی ئەو گەنجە لەکاتی دەستکاری کردنی میندا، ڕێك مینەکەی پێدا دەتەقێتەوە، دەم و دەست گیانی لەدەست دەدات، ئەویش هەر واز لەو کارەی نایەنێ تا ڕۆژێکیان تووشی کێڵگەیەکی مین دێت کە لەهەموو لایەکەوە نیشانەی خەتەرناکی لێ هەڵواسرابوو، کەچی ئەو گەنجە بێ گوێدان بەو نیشانانە دەیەوێ مینێك هەڵوەشێنێتەوە و فافۆنەکەی ناوی دەربکات و بیباتەوە، بێ ئاگا پێی دەکەوێتە سەر مینێك و لە جوڵانەوەیدا پێیدا دەتەقێتەوە، ڕێك ئەوهای لێ بەسەردێ، هەر باشبوو برایەکەی لەو کاتەدا لەگەڵی بوو، خێرا خۆی دەگەیەنێتە گوندی و ماڵەوەی لێ ئاگادار دەکاتەوە، ئەگینا هەر لەو شوێنە بەهۆی ئەو خوێنە زۆرەی لێی دەڕوات دەمرد، جا ئەو گەنجە لەو ڕۆژەوە بووەتە نیوە بەشەر، من کە دەیبینم لەناخەوە هەست بەناڕەحەتی دەکەم و بەزەیم بەحاڵی دێتەوە.

ژیار هەناسەیەکی قووڵی بۆ هەڵکێشا و وتی: دایەگیان مین چییە؟

کەژێ: مین دوژمنی مرۆڤە، مرۆڤ هەر خۆی دروستی دەکات، جا مین هەیە تایبەتە بەشتی گەورە وەکو ئەوەی تانك و زرێپۆش و سەیارەی بکەوێتە سەر،

دەتەقێتەوە و پارچە پارچەی دەکات، ئەو مینانەی دیکەیش تایبەتن بە مرۆڤ، ئەوەش بەشێوەیێ دەیچێنن، ڕەنگە نەیبینی و هەستی پێ نەکەی.

ژیار بە خەمبارییەوە وتی: کەواتە چووینە هەر جێگەیەك و لێی بەگومان بووین، یان ئەو شوێنە نیشانەکانی مینی لێ چەقێندرابوو، دەبێ ڕێ و ڕێ بگەڕێینەوە.

کەژێ بە زەردەیەکەوە وتی: ئەك ئافەرین کوڕەکەم.

ژیار وتی: کەواتە ئەوانەی تووشی ئەو شتانە دێن، پێویستە ڕێزیان بگرین و یارمەتیان بدەین.

## یاری تۆپانێ

(هێرش) و (شاد) و (کاوە) و (باوەر) و( نەریمان) و (پشتیوان) و رزگار و ئازاد لەسەر جادەی بەردەم ماڵیاندا دوو تیپیان پێکهێنا، هێرش و شاد و کاوە و باوەڕ لەلایەك و پشتیوان و ئازاد و رزگار و نەریمانیش چوونە لایەکەی دیکە و وەکو گۆڵ لەهەر لایەکدا چەند گاشەبەردێکیان لەسەر یەك کەڵەکە کرد و دەستیان بەیاری کرد، ماوەیەکی خۆشیان بەڕێ کرد، تا لەییەك لە لێدانەکاندا تۆپەکە دوور کەوتەوە، کاوە بەرەو تۆپەکە ڕایکرد بیهێنێتەوە، کەچی تۆپەکە کەوتە ژێر ئوتومبێلێکەوە و تەقی.

کاوە نەختێ خۆی لە شوفێرەکە کیڤ کردەوە، لێیداڕسا جوێنی پێ بدات، نەریمان خۆی گەیاندێ و دەستی بۆ شوفێرەکە درێژکرد و پێی وت: کاکە ببوورە، فەرموو تێپەرە.

شوفێرەکە ڕۆیشت.. کاوە بەدەم هەڕەشە کردنەوە زمانی گەڕاند: نەریمان بۆچی ڕێت پێدا بڕوات لەکاتێکدا تۆپەکەی لێ تەقاندین و پارەکەیشی نەدا هەرنا بۆ خۆمان بچین تۆپێکی تری پێ بکڕینەوە.

نەریمان بەدەم زەردەخەنەیەکەوە وتی: کاوە ئەوە دەڵێی چی؟ فەرموو خۆ سەیارەکە لەجیاتی تۆپەکە لەتۆی بدایە ئەوە ئەگەر تۆی نەکوشتبایە، بێ شك دەست و قاچی دەشکاندی، کەواتە گیانی تۆ لە تۆپەکە گرینگترە، ئەوە پارەمان هەیە و دەچینە بازاڕ لەجیاتی تۆپێ، دووسێ تۆپی پێ دەکڕین.

کاوە وتی: خۆزگە لە گەڕەکەکەماندا یاریگایەك هەبوایە ئەوە نەئێمە گیانمان دەکەوتە مەترسی، نە یاریمان لەسەر جادە دەکرد و نە تۆپەکەشمان ئاوا دەتەقی.

# تایبەتمەندییەکان بپارێزن



هەڵۆ قوتابییەکی زیرەکی پۆلی چوارەمی بنەڕەتی بوو، پێشتر لەماڵەوە وا ڕاهاتبوو بەبێ پرس وڕا جانتای خوشك و براکانی دەکردەوە، بەبێ پرس و ڕا دۆلابی خوشکەکەی دەکردەوە و شتی لەناو دەردەکرد و گوێی بەهیچ ئامۆژگارییەکیش نەدەدا، کەچی کت و پڕ گۆڕاو وایلێهات بێ پرسکردن دەستی لەهیچ شتێ نەدەدا، تەنانەت پێشتر ئەگەر بە بێ لەدەرگادان دەچووە ژووری دایك و باوکی، ئێستا لەدەرگا دەدا و دەوەستێ و ڕوخسەتیان لێ دەخوزای، خۆ ئەگەر ڕێی پێ نەدەن بێتە ژوورەوە، ئەوە ڕێ و ڕێ دەگەڕێتەوە و نیگەران و دڵگرانیش نابێ.

شەوێکیان باوکی بە پەرۆشەوە ڕووی تێکرد و پێیوت: جگەرگۆشەکەم بەڕاستی من سەرسام ماوم و لەو مەتەڵەی تۆ تێناگەم، تۆ پێشان بەجۆرێ بیرت دەکردەوە و ئێستایش بەجۆرێکی تر بیر دەکەیتەوە.

هەڵۆ بەتاسەوە لێی پرسی: جا چۆن بیر دەکەمەوە؟

شێرزادی باوکی بۆی خنایەوە، وتی: تۆ پێشتر بەبێ پرس دەستکاری هەموو شتێکی خوشك و براکانت دەکرد و سڵت لەهیچ نەدەکردەوە، تەنانەت بۆ هاتنە ژوورەوەی ئێمەیش بەبێ پرس و بەبێ لەدەرگادان یەکسەر ملت دەنا، کەچی ئێستا گۆڕاوی و کاری وا ناکەیت.

هەڵۆ بەبزەیەکەوە وتی: ئاخر من لە مامۆستاکەمەوە لەبابەتی مەدەنی فێری ئەوە سبووم تایبەتمەندی چییە؟ بۆ نموونە ئەو جلانەی من لەبەری دەکەم یاخود ئەو جانتایەی هی منە و ئەو شتانەی لە دۆلابەکەمدا هەڵمگرتوون، هەموو ئەوانە تایبەتمەنی منن نابێ کەسی تر بەبێ پرس دەستکاریان بکات، تەنانەت تایبەتمەندی خێزانیش لەوەدایە دەبێ بەبێ پرس و بەبێ لەدەرگادان نەچمە ژوورەوە، هەروەها تایبەتمەندی گشتیشمان هەیە وەکو ئەوەی کە دەچمە پۆلەکەم پێویستە سڵاو لەهەموان بکەم نەك لەچەند کەسێك و ئەوانیتر فەرامۆش بکەم.

باوکی بەخۆشحاڵییەوە سەری هەڵۆی ماچ کرد و وتی: هیوادارم لەهەموو کارەکانت سەرکەتوو بی.

